# بۆ ئەحلام مەنسوور؟

شەهلا دەباغی

”
ئێمەی خوێنەر، زۆربەی جار بە هۆی دۆخ و پێکهاتە و بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، زۆرتر لەژێر کاریگەریی نووسینی نووسەرە پیاوەکاندایین، بەڵام زۆرن ئەو بیرمەند و نووسەرە ژنانەی کە سەرەڕای دەسەڵاتی چڕی هزری و کولتووریی پیاوان، سنوورەکان دەبڕن و بە هۆی نبووغ و تایبەتمەندیی بیرمەندبوونیان، کاریگەری لەسەر خوێنەری خۆیان لە هەموو دونیادا دادەنێن.
“

## پێشەکی

ئینسـان بێ ئەوەی هەست پێ بکات، کەسانی دەورووبـەری کاری تێدەکـەن. کاریگەریـی ئینسـانەکان لەسـەر یەکتـر هێندێـک جار کورتخایەن و هێندێک جار درێژخایەنە و کەڵێن و قوژبنی مێشـک دەتەنێ. زۆر جار ڕستەیەک لە کەسـی بەرانبەر بۆ هەمیشە گیانت دەکوڵێ و ژیانت دەگۆڕێ. بۆ کەسێک کە لە منداڵییەوە خوێنـەری ڕۆمان و شـیعر بووبـێ و بە هۆی تاراوگەیی و کۆچ، خزم و کەسی لە دەوروبەری نەبووبێ تـا کاریگەریی ئەوانی بەسـەرەوە بێ، هاوڕێ و کتێب دەبنە گرینگترین سـەرچاوەی کاریگەری و نەخشـێنەری دەروونی. ئەوەندەی وەبیـرم بێ شـیعرەکانی هێمن و پەشـێو لە تەمەنی گەنجیمدا زیاترین کاریگەرییان لەسەرم بوو. دواتر ڕۆمانەکان ئەو ڕۆڵەیان گرتە ئەسـتۆ؛ ڕۆمانەکانـی: هۆگۆ، زۆلا، باڵزاک، ڕۆمەن ڕۆلان، حەمەدۆک و ئەفسـانەی چیای ئاگریی یاشاری مەزن، داغسـتانی منـی حەمزەتـۆف، جێین ئێیـر، چیرۆکەکانـی چێخۆف، دایـک، پیاوی ژێرخاننشـین، شـازدە چکۆلـە، چیرۆکەکانی سیلوێریشـاتین بـۆ منـداڵان هەتا ئـەو ئاخر ڕۆمانانەی ئەم سـاڵانەی دوایی: خانووی پەنای مزگەوت، ئێوارەی پەروانە، سـڕین، سـەردەمی گریانی بەڵقیـس، گابۆڕ، پێدەشـتی کارمامزە کوژراوەکان، هتد.

بـەڵام لە شـوێنێکی زۆر نهێنیتری گیاندا، بیرێک بە ساڵانی ساڵ دێت و دەڕوا و تۆ وەک ئەسـتێرەیەک بۆت ناگیرێ. هێندێ جار چاوی تێ دەبڕی. هێندێک جار ئەم ئەسـتێرەیە لەژێر تیشـکی ئەسـتێرەکانی دیکەدا کەم دەنوێنێ. جاری واشـە جریوەی ئەم ئەستێرەیەت لێ بزر دەبێ.

ئێمەی خوێنەر، زۆربەی جار بە هۆی دۆخ و پێکهاتە و بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، زۆرتر لەژێر کاریگەریی نووسـینی نووسـەرە پیاوەکاندایـن، بـەڵام زۆرن ئـەو بیرمەند و نووسـەرە ژنانەی کە سـەرەڕای دەسەڵاتی چڕی هزری و کولتووریی پیاوان، سنوورەکان دەبـڕن و بە هـۆی نبـووغ و تایبەتمەندیی بیرمەندبوونیان، کاریگەری لەسـەر خوێنەری خۆیـان لە هەمـوو دونیـادا دادەنێن. وەک: ڕۆزا لوکزامبـورگ[١] بیرمەنـدی خەباتکاری سۆسیالدێموکراسـی، ویرجینیـا وۆلـف[٢] نووسـەر و فێمینیسـتی مەزن کە لەسـەر ئـەوە پێداگریی دەکرد کە بـۆ ئەوەی ژنێک بتوانێ ببێتە نووسـەر، دەبێ هـەم لە باری ئابوورییەوە سـەربەخۆ بێ و هەم دەبێ فەزا و ژوورێکی بۆخۆی هەبێ. کارین بۆیە، شاعیر و بیرمەندی سویدی[٣] و خالەقی شیعری بەڵێ پشـکووتن ژانی هەیە، ڕۆمانی کالوکاین[۴] و ڕۆمانی قەیـران،[۵] هاننا ئارێنت[۶] بیرمەندی بێوێنەی جوو لە بواری فەلسـەفە و تیۆرییە سیاسییەکان، سـیمۆن دێ بوار[٧] بیرمەندی گەورەی ئێکزیستێنسیالیست[٨] و فێمێنیستی فەرەنسی خالقی کتێبی جنسی دووهەم[٩] کە بە ئینجیلی ژنان ناسـراوە، پرۆفێسۆر تێرێس دێ لاورێتیس[١٠] زانای بواری نیشانەناسـی، دراماتۆلۆگی و فیلـم، ڕەخنەگر و داهێنەری چەمکی Queertheory[١١]، جودیت باتلێر[١٢] فەیلەسووف و تیۆریسیەنی گەورەی ئەمریکی کە کوییـر تیۆرییەکانی پەرە پێدا و ئاماژە بە ئاڵۆزیی پەیوەندی جنس(فیزیک)، جێندێر و سێکسـوالیتە دەکا، هەروەها چۆن نۆرمەکانی هێترۆسێکسوالیتە بەردەوام لە ڕێگەی زمانەوە بەرهەم دێنەوە، سـپیڤاک[١٣] تیۆریسـیەنی دژەکۆلۆنیالیست و دایکی کتێبی ئایا ژێردەست دەتوانێ بـدوێ؟[١۴] و دوایین کەس بەڵام یەکجار گرینگ؛ جولیا کریسـتێڤا[١۵] دایکی چەمکەکانـی intertextuality (نێواندەقی) و abjection[١۶] نیشانەناسێک کە سەرلەبەری ڕوانگەمانـی بۆ زمـان گۆڕیوە و نیشـانمان دەدا زمان هەڵگری هەردوو باری سیسـتەم و دەسـەڵاتی باوکانـە و نیشـانە و گەرمای دایکانەیە. دەقی شـاعیرانە بە ڕای کریستێڤا هەمیشە جۆرێک گەڕانەوەیە بۆ زێدی دایک.

## دوو وێنە

کارین بۆیە بیرمەندی سـوێدی زۆر زوو دەزانێ کە هاورەگەزخـوازە. ڕۆمانی قەیـران، باس لە شـەڕی کچێکی بیست سـاڵەی هاورەگەزخواز لەگـەڵ خـۆی و نۆرمەکانی کلیسـا دەکا. لە سەردەمی شەڕی دووهەم، کارین لە مێردەکەی جیا دەبێتـەوە و١٩٣٣ لەگـەڵ کچێکی جوو، مارگۆت هانێل، دێتەوە سـوید و تا ئەو کاتەی کارین خـۆی دەکوژێ (١٩٤١) پێکەوە دەژین. کارین بۆ ماوەی سـاڵێک دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری ئەدەبیـی سـپێکترووم[١٧] دەبێ و لە ماوەی تەمەنـی کورتی خۆیدا بە دەیان وتار لە سەر زمان، مۆدێرنیسم، پسـیکۆئانالیز، شیعر و وەرگێـڕان دەنووسـێ و کاریگەرییەکی زۆر لە سەر ئێلیتی کولتووریی سەردەمی خۆی دادەنێ. ڕۆمانی کالۆکاین یەک لەو ڕۆمانە دیستۆپیدیانەیە کە باس لـە کۆمەڵگایەکـی کۆنترۆڵکراو دەکا کە لـە وێنـدەرێ ئینسـان بـە پڕوپاگاندا و مێشکشـۆردنەوە تەنیا سەربازێکی موتیعی بێ هەست و فکری دامودەزگایەکە. زانایەکی پسپۆڕ ماددەیەکی سـرکەر کەشف دەکا و بەو ماددەیە ئینسـانەکان وا لێ دەکەن کە هەموو ڕازەکانی ناو مێشـک و دەروونیان هەڵڕێژن. کارین بۆیە بەو ڕۆمانـە دەیهەوێ سیسـتەمی میلیتاری و دیکتاتۆری نازی و ڕووسەکان بێنێتە ژێر ڕەخنە.

سـیمۆن دێ بـوار، هاوژیـن و هاوبیـری سـارتر، بە پێچەوانـەی کارین بۆیـە، هەرگیز بە ئاشـکرا باسی دووجنسـخوازیی خۆی ناکا. سـیمۆن و سارتر، گەرچی لە لووتکەی ناوداری و جووڵانەوەکانـی دژی شـەڕدابوون، هـاوڕێ لەگەڵ بارت و چەنـد بیرمەندی دیکە، ئاڵقەی بیرمەندانی گرینگی فەرانسـە بـوون، بەڵام بە پێـی ئەو نامە و داکۆمێنتانەی کە دوای مەرگی سیمۆن و سارتر وەدەست کەوتوون، پەیوەندیی ئەم دووە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و پڕ گرێ و لە زۆر بارەوە دێسـترێکتیڤ/ وێرانکەر و نەرێنی بووە. نووسـەری کتێبی پەیوەندییەکی مەترسیدار[١٨] لە کتێبەکەیدا باسـی ژیانی سـیمۆن دێ بوار و ژان پۆل سـارتر دەکا. نووسەر بە پێی نامە و بەڵگەکان باسی ئەوە دەکا کە بۆ وێنە سارتر بە هۆی پەیوەندی لەگەڵ ژنێک لە داوی KGB[١٩] دەکەوێ. هەم سیمۆن و هەم سارتر پەیوەندیی سێکسـییان لەگـەڵ قوتابییەکانـی خۆیـان هەبـووە؛ واتە بە جۆرێک پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریـی خۆیانیان خراپ بەکار هێناوە. ئەو ژنانە کە سـیمۆن پەیوەندیی ئینتیم و جنسیی لەگەڵیان بووە، لەلایەن سیمۆنەوە بە هاوتەرازی خـۆی نەدیتـراون و بە ژێردەسـتە چاوی لێ کردوون.

بەڵام ئـەم باسـانە، ژیان یـا بیرۆکەکانی بیرمەندانی ڕۆژاوایی، چ پەیوەندییەکی بە بابەتی ئەحلام مەنسووری کوردەوە هەیە؟

## ڕووناکبیر

ڕووناکبیر[٢٠] بەو کەسە دەگوترێ کە لە بواری گشـتیدا بۆ پرسـە کۆمەڵایەتییـەکان چالاک بێ، گەرچی ڕاسـتەوخۆی پرسـی تاکەکەسیی خۆی نین. لە دنیای مۆدێرندا ڕایەکی گشـتی سـەبارەت بە ڕووناکبیر ئەوەیە کـە ڕووناکبیر کەسـێکە کە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی لەسەر واقعیەکانی کۆمەڵگا هەیە و ڕێگەچارە پێشـنیار دەکا. بە ڕای هابرماس تایبەتمەندییەکی گرینگ بۆ ڕووناکبیر، سـنووری نێوان بواری تاکەکەسی و بـواری گشـتییە. بە ڕای ڕۆڵـف دارێندۆرف لـە کۆمەڵگای مۆدێرندا ئەرکـی ڕووناکبیرە کە شـک لـە هەموو شـتێک بکا کە بـە ڕوون و ئاسایی دەزاندرێن و دەبێ هەموو شتێک بخاتە ژێر پرسـیار. بیرمەنـد و ڕووناکبیران، لە پێش یۆنانـی کەوناراوە تا ئێسـتا، هەبوون و بە ئیدە و بۆچوونەکانـی خۆیـان کاریگەرییان بە چاک و خەراو لەسـەر کۆمەڵگا ئینسانییەکان داناوە. سـەرچاوی ئەو باسەش دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی یۆنانی کەونارا کە سوقرات دژی سووفیستەکانی پێش خۆی ڕاوەسـتا کە حەقیقەت و زانستیان وەک ئیـدەی بـواری گشـتی دەنرخانـد. بە ڕای سـوقرات زانسـت دەبووایـە مۆنۆپۆلـی

فەیلەسووفەکان، واتە بیرمەندەکان بێ. بیرمەند دەتوانێ لە ڕێگای ئافراندن و یا گەیاندنی پەیام لە کاری کولتووری و سیاسیدا بەشدار بێ، ئینجا یا پشتیوانی لە پێشنیارێکی کۆنکرێت دەکا و یا نادادییەک، ئیدیۆلۆژییەک، دیاردە و ڕەفتارێکی دەسەڵاتداران مەحکووم دەکا. بیرمەند یا لە ڕێگەی پەروەردە و ئافراندن و سەرمایەی کولتووری لە فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبی و کۆمەڵناسی و یاسا و زانست، یا لە ڕێگەی ئەدەبیات و هونەر و مۆسیقا و نیگارکێشان و پەیکەرسازییەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای خۆی دادەنێ. چەمکی بیرمەند بە بێ هیچ قەزاوەتێکی ئەرێنی یا نەرێنی، دەتوانێ یا لە چوارچێوەی ئیدیۆلۆژییەکدا دروست بێ، بۆ وێنە بیرمەندی لیبراڵی، فاشیستی، دێموکرات، کۆمۆنیست، یا لە چوارچێوەی نەتەوەیەکدا وەک ڕووناکبیری ئەمریکی، فەرەنسی، ئاڵمانی، ڕووسی. بەڵام چەمکی ڕووناکبیر دوای ١٩٠٠ و داستانی ئالفرێد درێیفوس بە بەرینی هاتە سەر زاران.

ئالفرێد درێیفوس ئەفسەری جووی فەرەنسی ساڵی ١٨٩۴ بە سیخوڕی بۆ ئاڵمان تاوانبار کرا. دواتر زۆلا ساڵی ١٨٩٧ لە نامەیەکی ئاشکرادا لە ژێرناوی من تۆمەتبار دەکەم «J›accuse» باسی لەوە کرد کە ئالفرێد تەنیا بە هۆی جووبوون و دژایەتیی سپای فەرەنسی لەگەڵ جووەکان تاوانی بۆ هەڵبەستراوە و سیخوڕ نەبووە. سەرەنجام ساڵی ١٩٠٦ ئالفرێد درێیفوس بە بێگوناح ناسرا و «ئەستۆپاکی»ی بۆ ڕاگەیاندرا. زۆر جار لە هێندێ شوێنی دنیا، چەمکی ئینتێلێکتۆئێل بە نەرێنی باسی لێ کراوە بۆ وێنە ئەوان کەسانێکن کە لە ڕاستیی کۆمەڵگا و واقیع بەدوورن، یان هێندە نبووغیان هەیە کە بەکەڵکی کۆمەڵگا نایەن. بەڵام هەمیسان ڕوویداوە کە ڕووناکبیرێک تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر ببێتە شایانی ڕێز و سەرنجی کۆمەڵگا؛ بۆ وێنە ئەدیب و سیاسەتمەداری چێک و اسلاو هاوێل.

### مەبەستی ئەم نووسینە

ئەحلام مەنسوور ساڵی ١٩٥١ لە شاری خانەقین لە دایک دەبێ و ساڵی ٢٠١٣ بە هۆی نەخۆشی لە سلێمانی کۆچی دوایی دەکا. لە نێوان بوون و نەبوونێکدا ئەحلام دەخوێنێ، دەبێتە ئەندامی حیزبی شیوعی و خەبات دەکا، یەکەم ژنی ڕۆژنامەکارە کە ساڵی ١٩٧۴ لە دەزگای «هاوکاری بۆ بڵاوکردنەوەی کوردی»دا کاری کردووە، دەنووسێ و ڕۆمانی ئەلوەن(١٩٨٠) و کۆمەڵە چیرۆکی پرد(١٩٨١)، کتێبی ئەزموون، خەون و خوێن، دیس تۆپیا و دەیان وتار لە گۆڤارەکاندا بڵاو دەکاتەوە، ساڵی ١٩٨٦ دەچێتە پاریس بەڵام بە هۆی نەداری دوای دوو ساڵ دەگەڕێتەوە بەغدا، دواتر لە بەغداڕا دێتە سلێمانی و لە زانکۆ کار دەکا و تا ئاخری تەمەن لەوێ دەژی.[٢١]

ئەوەی لە زۆربەی دیدار و وتووێژەکان لەگەڵ ئەحلام مەنسووردا دەبیندرێ، هەستیاری لەسەر شیعری ماچی خودایی و «مامۆستا هێمن»ە کە ئایا ئەم شیعرە بۆ ئەحلام نووسراوە یا نا، و ئەم دووانە چ جۆرە پەیوەندییەکیان بووە. من لە هیچ کارێکی ئاکادێمی و هیچکام لە نووسین و وتووێژ و دیدارەکاندا نەمدیوە کە باس لە ڕووناکبیربوونی ئەحلام بەو جۆرەی لە ڕۆژاوا باوە بکرێ، جگە لە نووسینێکی کورتی مامۆستای زانکۆی سۆران، ئەییووب کەریمی[٢٢] کە دواتر ئاماژەی پێ دەکرێ. هەروەها لە بۆنەیەک کە لە سلێمانی «کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستانی حیزبی شیوعی» بۆ سەکینە جانسز، وەهبییە شەوکەت و ئەحلام مەنسوور بەڕێوەی دەبەن، لە شیعرێکدا وشەی «هزر» یەکجار وێڕای سەدان وشەی دیکە بەکار دێت، و ئێمە نازانین ئەو وشەیە ئاگامەند بەکار هاتووە یا نا.[٢٣]

ئەحلام مەنسوور هەمیشە وەک ژنێکی یاخی، ڕۆژنامەوان، نووسەر و ڕەخنەگر ناو دەبرێ، لە کاتێکدا دەیان پیاو بێ ئەوە لە ئەحلام ڕووناکبیرتر و بیرمەندتر بوون، بە ڕووناکبیر و بیرمەند دەناسرێن. دیارە ئەم

مۆدێلە لە کارکردنی کولتوورییە هەر هەمان مۆدێلی باڵای پیاوسالاری لە دونیادایە، بۆ وێنە پیاوانی ڕووناکبیری نەتەوە سەردەستەکانیش ژنانی نەتەوەی خۆیان بە هاوتەرازی خۆیان و بە بیرمەند دانانێن. لە باشترین حاڵەتدا دەڵێن «ژنێکی بەتوانایە»، واتە لەگەڵ خودی پیاوان بەراوەردی ناکەن، و هەرگیزیش ناڵێن ئینسانێکی بیرمەندە. چونکە ئەم دانپێدانانە، ژن و پیاو هاوسان دەکا. ئەم مۆدێلە خزاوەتە ناو بازنە و کایەی هزری کوردانیش. ئێمە بە دەیان پیاو بە بیرمەند دەزانین، لە کاتێکا ئەگەر تەنیا ڕۆمانی ئەڵوەنی ئەحلام مەنسوور بکەینە پێوانە، دەبینین کە ئەم ڕۆمانە مانیفێستی ئینسانێکی بیرمەندە؛ مانیفێستێکی هۆمانیستی فێمینیستیی نووسەرێکی ڕووناکبیری داهێنەر.

ئەم نووسینە تۆژینەوەیەکی بەرینی ئاکادێمیک نییە تا لە هەموو ژێدەر و سەرچاوە و وتووێژەکان بکۆڵێتەوە، و تەنیا کردنەوەی پەنجەرەیەکی بچووکە بەرەو دنیای فراوانی نووسەرێکی ڕەخنەگر و هەستیار. سەرچاوەکانی من تەنیا وتوویژێکی گۆڤاری شاووشکا لەگەڵ ئەحلام مەنسوور[٢٤] و ڕۆمانی ئەڵوەن و داتای دوو ئینفۆرماتۆری باوەڕپێکراون. کەسی یەکەم ساڵی ١٩٩٩ لە ماڵە ئەحلام مەنسوور ڕۆژێک میوان بووە (سەرچاوەکەی من جێی متمانەیە بەڵام ناوی نایە، مەگەر خۆی ڕۆژێک ناوی خۆی ئاشکرا بکا)، و کەسی دووهەم خاتوو نەجیبە مەحموودە کە لەگەڵ ئەحلام مەنسوور لە گۆڤاری دەنگی ئافرەتان هاوکار بوون و ساڵیانی ساڵ ڕۆژانە لەگەڵ یەک پەیوەندییان بووە.

### ئینفۆرماتۆری یەکەم:

«ساڵی ١٩٩٩ ڕۆژێک لە سلێمانی میوانی ئەحلام بووم. ماڵێکی کپ و بێدەنگ. هەر چاوم دەگێڕا. ئەحلام پرسیی چاو لە چی دەگێڕی؟ کوتم دەنگێک. کوتی چاو مەگێڕە، هیچت دەست ناکەوێ. ئەسڵی خانەقینی بوو، لە سلێمانی خۆی بە غەریب دەزانی. کتێبداری زانکۆی سلێمانی بوو. دەیکوت ناهێڵن ئەدەبیات دەرس بڵێمەوە. تەنانەت لەم تەمەنەدا پیاوانی شاعیر و ڕووناکبیر داوای سێکسم لێ دەکەن. (ببورە شەهلاخانم، ئەوانە قسەی خودی ئەحلامن) دەیگوت نەفرەتم لەو پیاوانە هەیە، هەر لە شێرکۆ بێکەسەوە هەتا هەموویان. هەڵبەتە خەڵکێکی زۆریش خۆشیان دەویست. بە شۆخی و پێکەنینەوە دەیگوت زۆرم پێ خۆش بوو بێمە ڕۆژهەڵات و مێردم بە عەلی ئەشرەف دەرویشیان کردبا، بەڵام ژنەکانتان لەگەڵم بەشەڕ دێن. دەیکوت ژنی پیاوێکی عەرەب بووم. لە ژیانمدا پەیڕەوی سیمۆن و سارتر بووم و پێموابووە وەچەخستنەوە لەم سەر گۆی زەوییە جنایەتە. ڕۆژێک کابرای عەرەبم بانگ کرد و گوتم کاکە لەمڕۆوە ئەتۆ بەو ڕێگایەدا و منیش بەو ڕێگایەی دیکەدا. پرسیم ئەدی ماچی خودایی مامۆستا هێمن بۆ تۆ بووە؟ کوتی بەڵێ. منیش کردمە جەفەنگ و کوتم جا هەر ماچت دەدایە؟ کوتی هەتیو، بۆ شتی دیکە دەچووە دەرەوە. ئەوەی ئەو ڕۆژە من لە حەرەکات و قسە و گفتولفتی ئەحلام حاڵی بووم ئەوە بوو کە پێی وابوو دەبێ قاعیدەی یاریی پیاوان قەبووڵ بکا و بە پێی ئەو یاری بکات. داوەتم کرد بۆ مهاباد. کوتی نایەم، بە شەرتێک دێم هێمن هەستێتەوە و بێتە پێشوازم! ئەو ڕۆژە چەند کچ بە پێکەنین هاتن و ماڵەکەیان بۆ خاوێن کردەوە و بە پێکەنینیشەوە ڕۆیشتن. دوای گەڕانەوەم بۆ مهاباد باسی ئەحلامم لە دەفتەری گۆڤاری مەهاباد کرد. دواتر گۆڤارەکە دیدارێکی لەگەڵ ساز کرد.»

ئینفۆرماتۆری دووهەم خاتوو نەجیبە مەحموود

«ئەحلام بە گەنجی تێکەڵاوی دونیای ئەدەب و سیاسەت بووە. بەداخەوە بنەماڵەکەی پشتی ناگرن و دژی ئەوە دەبن کە ئەحلام کچێکی ئازاد و یاخی بێ. ئەوانەش کە هاوکاری دادە ئەحلام بوون هەر ڕووناکبیران و شیوعییەکان بوون. بۆیە دەڵێم دادە ئەحلام چونکە خۆی دەیکوت پێم بڵێن دادە ئەحلام. دادە ئەحلام لە ساڵانی ئاخر تووشی خەمۆکی ببوو. هێندێک کاری سەیری دەکرد. بۆ وێنە ڕۆژێک چووبوو مەنجەڵێکی زۆر

گەورەی کریبوو کە دەکرا چێشتی گەرەکێکی تێدا دروست بکەی. گوتمان ئەوەت بۆ چییە؟ دەیگوت با هەبێ نەکا میوان بێن. هەر ڕادەکشا و سیگاری دەکێشا و قاوەی دەخواردەوە. تەنانەت جارێک ئاوی کوڵیوی بەسەردا دەرژێ و سینگی دەسووتێ. پەیوەندیی لەگەڵ دایک و بنەماڵەی خۆش نەبوو و زۆر ڕقی لە دایکی بوو. بەڵام زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە خۆی توانیوێتی ماڵێکی هەبێ و موحتاجی ئەوان نەبێ. بە پێچەوانەوە ئەوان کە لە بەغدارا دەهاتن، یارمەتیی دەکردن. دەیگوت با بزانن من موحتاجی ئەوان نیم و خەراپەی ئەوان لەسەر من کاریگەریی نەبووە. زۆر نووسەر و شاعیری دەناسی. لە بەغدا لەگەڵ شیوعییەکان دەبێ و مێرد بە عەرەبێک دەکا. زۆر جار لێمان دەکردە شۆخی کە چۆن وا درەنگ زانیت سەددام خەراپە و گەرایەوە کوردستان. دەزانێ کە مێردەکەی بەعسی بووە و دەکەوێتە زیندان. دادە ئەحلام ڕۆحێکی ئازاد بوو و ئەوەی خۆی ویستوویەتی کردوویەتی و ئەوەش بۆ بنەماڵەکەی قورس بووە. کە لە مێردەکەی جیابووەوە و هاتە سلێمانی هیچی نەبوو. هەموو هاوکاریمان کرد و لە زانکۆ کاری دەست کەوت. کچان و گەنجان زۆریان هاوکاری دەکرد و دەوریان گرتبوو تا هەست بە تەنیایی نەکا. لە دوای ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٤ پێکەوە گۆڤاری دەنگی ئافرەتانمان بەڕێوە دەبرد. من بەرپرسی گۆڤارەکە بووم و دادە ئەحلام دەستەی نووسەران. زۆربەی نووسینەکانی هی دەورانی جەوانییەتی. ئەڵوەن هەر ژیانی خۆیەتی و ئامەی ناو ڕۆمانەکە دایانی خۆی بووە. گوتم بەداخەوە لەو ئاخرسالانە تووشی خەمۆکی ببوو. نیوەشەوێک هەستا خۆی جوان کرد و گوتی دەچمە دەر. گوتمان بەو نیوەشەوە چ دەکەی و پەشیمانمان کردەوە. دادە ئەحلام ژنێکی ڕاستگۆ، دژی نۆرمەکانی کۆمەڵگا و نەترس بوو. دواتر من هاتمە سوید.»

## ڕۆمانی ئەڵوەن[٢٥]

ڕۆمانی ئەڵوەن (١٩٨٠) باس لە پەیوەندیی کچێکی بچووک و ژنێکی پەراوێزخراو و قارەمانی ڕۆمانەکە بە ناوی «ئامەڕەش»ە. دەقی ڕۆمانەکە بە کرمانجیی ناوەڕاست (سۆرانی) و دیالۆگەکانی ناو ڕۆمانەکە بە شێوەزاری خانەقینییە. قارەمانی ڕۆمانەکە، ئامەڕەش، ژنێکی تریاککێشە و دایانی لەیلا بووە. لەیلا دایکی خۆی خۆش ناوێ و هەمیشە بە دزی پارەی خۆی دەداتە ئامەڕەش. ئامەڕەش ئینسانێکی جیاوازە؛ دژی زوڵمە، یارمەتیدەری کچانی گەنجە کە پەیوەندیی سێکسییان لە دەرەوەی بنەماڵەدا بووە. ڕۆژانی جێژن کە قورعانخوێنەکان دەچنە سەر گۆڕی دەوڵەمەندەکان، ئامە دەچێتە سەر گۆڕی هەژار و بێکەسەکان. ئامە دژی کوشتنی سەگەکانی شارە، وەها کە دوای دیالۆگێکی ئامە لەگەڵ فەرمانبەری شارەداری، ڕۆژی دواتر دەست لەکار هەڵدەگرێ و دەبێتە گۆڕهەڵکەن. لەیلا کە گەورە دەبێ، چیرۆکی خۆی و ئامە دەگێڕێتەوە. خۆشترین سات بۆ لەیلا ئەوسا بووە کە لەگەڵ ئامە چووەتە سینەما و لە باوەشی پڕ مێهری ئامەدا خەوی لێکەوتووە. بەڵام لەسەر ئەمەش ئامە دەیان جنێوی پێ دراوە. ژنانی شار زیاترین بێ ڕێزی بە ئامە دەکەن و وەک خەتەرێک دەیبینن.

## وتوویژ لەگەڵ شاووشکا

لە دیدارێک لەگەڵ شاووشکادا ئەحلام وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی زۆر ڕوون و بێ پەردە قسەکانی دڵی دەکا:

«من هەمیشە لە ئێستا و ڕابردوودا، زۆر ڕاشکاوانە داکۆکیم لە کێشەی ئافرەت کردووە، بەڵام هاوکات پێم وایە ئێمە ناکرێ لەبەردەم چەندین مەسەلەی گرنگی دیکەدا خۆمان بشارینەوە و بێدەنگ بین، کە دیارە بەشێکی زۆری ئەم کێشە گرنگانە پەیوەندییان بە کۆی بارودۆخی گشتییەوە هەیە. ئەنفال، کۆچ، برسێتی، کیمیاباران، نەبوونی دەوڵەت و سنوور. من چۆن بتوانم نووسەرێکی بێ لایەن بم؟ [...] ئەی تیرۆر؟ ئەی سانسۆرکردنی ئازادی؟ ئەی

جاڵجاڵۆکەی پیاو و باوکسالاری؟ ڕۆژانە هەزار پرسیار لە دەرگای سەرم دەدەن...[...][٢٦]

ئەحلام لە وڵامی ئەم پرسیارە کە وەک کەسێکی ئاساییی ژیانی منداڵیک و ژیانی ئافرەتێک، چۆن بووە ئەوها باسی خۆی دەکا:

«ڕەگەزەکانی ژیانم وەکو ئەتۆم هەمیشە دەتەقنەوە. ناتوانم بە ڕۆمانێک یان دیوانێک یان کورتە چیرۆکێک باسی ژیانی پڕ لە ژان و شینی خۆم بکەم، هەر ئەمەندە دەزانم کە باوکم لە منداڵانی ئافرەتانی سەرزەمین چاندوومی، تاوانبارترین ژن دایکە دڵڕەقەکەی منە، بەردەکانی هەموو ڕاوچی و جەللادەکان ناوچەوانی من دەگرنەوە! کۆنەپەرستەکانیش بە قامچیی تاریک و بیریان پشتم شین و مۆر دەکەن. بۆ؟ چونکە لە سەر سەراپای جەستەم وشەی ئازادی و یاخیبوون نەخشێنراوە، یاخیبوون لە خێزان، یاخیبوون لە کۆمەڵگە و دابونەریت و دەوڵەت. بە ملیار داپیرەم هەیە بەڵام لایەلایەیان بۆ نەکردووم ... حەز ناکەم بڵێم من، چونکە وێنەکانم زۆرن، هەر یەکە و بە شێوەیەک پێشانم دەدات، من یانی ئەڵوەن و کۆپری گەورا و گۆڕستانی پاشا و کۆپری و بڵێسەی بانمێک و مزگەوتی مەجیدبەگ و کلیسا و بەردەکانی باوە مەحمید[...] لە قۆناغی بووکەشووشەی قورمیش کراوەوە بۆ نامۆیی و ونبوون لە ئۆقیانووسی پێشکەوتنخوازیدا. من هەر بە مردوویی لە دایک بووم و ڕەنگە بە مردوویش لە ژێر سێبەری درەختێک نزیک شاری دەربەندیخان واتە لە گەرمیان بنێژرێم. پێش دوو هەفتە گۆڕی خۆمم دوزییەوە خاوەنی پاسپۆرتی کلۆلی و بێ ئارامی و هەژاریم [...] دەفتەری یادەوەرییشم فڕێداوەتە نێو دەریای نێوان خۆم و کۆمەڵگەکەم.... ماچەکانم مینڕێژ کراون، دڵدارە ڕاستەقینەکانم لە ئەرشیفی مێشکمدا نێژراون، لە ناسیۆنالیزمەوە بەرەو مارکسیزم ملم نا، ئەمیش فڕێی دامە نێو سنووری سوفیزم و نهیلیزم، ئەمیش پاڵی پێوەنام بۆ وێستگەی گەورەی وجودییەت، لە دوا وێستگەدا لەسەر پردی بێهوودەیی پیاسە دەکەم.... ئەهریمەن و فریشتەکان لەنێو دڵمدا دڵداری دەکەن. پاکیزەیی و تاوان لەناو منداڵدانمدا شەڕ دەکەن. ڕاوچی و نێچیر لە ڕۆحمدا ململانێ دەکەن، برینم بە چەقۆ تیمارکرد، ناچاریش بووم کلکی دیکتاتۆرەکان بە مقەستی»ڕاستی» ببڕم وەک باوک، برا، هاوڕێ، مێرد، کۆمەڵگا...»[٢٧]

بە ڕای ئەحلام کۆمەڵگە دوچاری دارزان بووە و پێویستی بە نوێبوونەوە و نوێسازی لە هەموو بوارەکاندا هەیە، هەم کۆمەڵگەی کوردەواری و هەم تاکی کورد، پێویستیان بە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەیەکی تەندروستە. ئەحلام پێی وایە کە «ئەم ڕێکخراوانە ناتوانن وەک پێویست کار بکەن بۆ ئافرەت، چونکە زۆربەیان لە بناخەوە پاشکۆی حیزبن و ڕێکخراوی سیاسین و بە مەبەستی دیکە قوت کراونەتەوە و ناوی ڕێکخراوی ئافرەتان و ژنانیان لێ نراوە [..] و زۆرێک لەوانەی ئەم ڕێکخراوانە دەبەن بەڕێوە لە ئاستی ڕۆشنبیرییەکی پێویستدا نین و توانای ئەوەیان نییە وەک پێویست خزمەت بە کێشەی ئافرەتان بکەن. [...]»

سەرەرای خۆکوشتن و سووتاندنی ئافرەتان بە بێ هەوڵی جیددی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەمیسان ئەحلام دەڵێ «[...] بەڵام لە ئەوەشدا من باوەڕی تەواوم بەوە هەیە کە ئافرەتی کورد لە هەوڵ و کۆشش ناکەوێ تا ئایندەیەکی گەش و ڕووناک دەستەبەر نەکات، لەم ڕووەشەوە زۆر گەشبینم.»[٢٨]

## لێکدانەوە

سیمۆن دێ بوار لە کتێبی جنسی دووهەمدا باس لەوە دەکا کە «هەموو ئۆرگانیسمی ژن بۆ ئەوەیە کە ببێتە بەردەی دایکایەتی.»[٢٩] دێ بوار پێی وایە کە ژن، ژنانە لەدایک نابێ، بەڵکوو لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە ژن، واتە ڕۆڵی ژنانەبوون و جنسی دووهەم بوونی پێ دەدرێ.[٣٠]

پرۆفیسۆری ئەدەبیات Toril Moi[٣١] دوای

چەندین ساڵ کار لەسەر ژیان و بیرەوەرییەکانی سیمۆن دێ بوار بە مێتۆدی سۆسیال پسیکۆئانالیز، خوێندنەوەیەکی دەقەکان و ژیانی سیمۆن دێ بوار دەکا و کتێبی چۆن ژنێکی بیرمەند دروست دەبێ؟ (۱۹۹۶) دەنووسێ. تۆریل مۆیی لە خوێندنەوەکانی خۆیدا نیشان دەدا کە سیمۆن دێ بوار، لە چوارچێوەی پارامێتر و مەرجە کۆمەڵایەتییەکان و پیاوسالاریدا سەرهەڵدەدات و پێدەگا و دەبێتە «سیمۆن دێ بوار»ێک کە لە پێگەی خۆیڕا وەک بیرمەندێک ڕەخنە لەو مەرجانە دەگرێت کە لەژێر باری ئەواندا پێگەیوە. بە ڕای تۆریل مۆیی، سوبژە بەرهەمی چەندان دیسکۆرسە کە یەکتر دەبڕن.[۳۲]

بەشی زۆری کورد و چالاکانی سیاسی و مافەکانی ژنان، زۆرترین کاریگەریی هزر و بیرمەندانی ڕۆژاوایان پێوە دیارە و دونیای هزری خۆیانیان زیاتر لە ئیدە و هێماکانی دەرەوە گرێ داوە کە دیارە ئەمە زۆر هۆی هەیە و لێرەدا مەبەست باسکردن لەم هۆیانە نییە. تا ئێستاش لە کوردستان ئۆلگووی ژنانە، بەو جۆرە کە ببێتە شێوەیەک لە شێوەکانی ژیان، زۆر بە کەمی دەبیندرێ یا هەر نییە. لە کاتێکدا هەر ئێستا هەزاران هەزار ژن لە دونیای پێشکەوتوودا بە ویستی خۆیان بەتەنیا دەژین. وێستێک کە چل پەنجا ساڵ لەمەوبەر بۆ ژنی کورد یا تەنانەت فارس و عەرەب لە مەحاڵ دەچوو و هەزار لاتاو و بوختانیان دەبوو قەبووڵ کردبا. بۆ نموونە شاعیرێکی وەک «فرووغ فەرڕوخزاد» لە ماوەی ژیانی خۆیدا دەیان تانە و لۆمەی لێ درا. لێرە باس لەوە ناکەین کە زۆربەی ژنانی کورد دوای مەرگی مێردەکانیان لەسەر منداڵ دادەنیشن و تەنیا دەژین. باسی ئێمە بەتەنیاژیان بۆ ژنانی لاو و چالاکە کە لە کۆمەڵگایەکی نەریتیدا چالاکبوونی ژنێک لە خۆیدا جۆرێک نیگای نەرێنیی لەگەڵە. ئەم نیگایە ئێستاشی لەگەڵ بێ قسەی ئاخر دەکا و زۆر بە کەمی کچانی کورد دەتوانن چالاکی کۆمەڵایەتی بن و بڵێن دەمهەوێ تەنیا بژیم.

ئەحلام مەنسوور، لەیلا قاسم[۳۳] (لەیلا قاسم هەروەک ئەحلام خەڵکی خانەقینە و زۆر بە لاوی بە دەست ڕێژیمی تاوانباری بەعس ئێعدام کرا)، و مارگرێت جۆرج[۳۴] (مارگرێت گەرچی ئاشووری بوو بەڵام خەباتکاری ناو جووڵانەوەی کورد بووە و دوای هەشت ساڵ پێشمەرگایەتی، شەهید دەکرێ) لەو ئیستیسنایانە بوون کە پێ دەنێنە بوار و قەڵەمڕەوی پیاوان؛ سیاسەت و حیزب، شەڕی چەکداری و کاری ئەدەبی. لەیلا و مارگرێت زۆر بە گەنجی شەهید دەبن، بەڵام ئەحلام بە نیسبەت ئەوان زۆر زیاتر (۶۲ ساڵ) دەژی. ئەحلام وەک ژنێکی چالاک کە هەمیشە نیگا و کۆنترۆڵی کۆمەڵگایان زۆر زیاتر لەسەرە، زۆربەی تەمەنی بەتەنیا ژیاوە. ئەحلام مەنسوور لەو تاقانە و ئیستیسنایانە بووە کە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ژنان، بۆ وێنە ژن دەبێ منداڵی بێ و مێردی هەبێ، قەبووڵ نەکردووە. ئەحلام وەک ڕووناکبیر و بیرمەندێک، زۆربەی ژیانی لە دۆخی تاراوگەیی و پەراوێزخراویدا ژیاوە و هەمیشە دەنگی ئەوانە بووە کە بێ نوێنەر و فەرامۆشکراون (وەک ئامەڕەش قارەمانی ڕۆمانی ئەڵوەن و ئامەی واقیعیی خۆی). ڕۆمانی ئەڵوەن و دوو پیرسۆناژی سەرەکیی ڕۆمانەکە، شاهیدێکن بۆ ئەم ئیدیعایە. ژیانی سیاسیی ئەحلام کە سەردەمانێک بە گوێرەی نووسینی خۆی وەدوای شیوعییەت دەکەوێ، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەحلام وەک ڕووناکبیر بە خەبات و چالاکیی خۆی، بەدوای گۆڕان و شۆڕش لە کۆمەڵگادا بووە. لە وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری شاووشکادا ئەحلام باسی کۆمەڵە چیرۆکی پرد دەکا و دەڵێ هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە خۆ لە هەموو پێکهاتەکانی پیاوسالاری و لە هەموو پیاوان، باب، برا و مێرد ڕەها بکا. لە کۆمەڵگایەکی وەپاشکەوتووی پەنجا ساڵ لەمەوبەر، ئەحلام باوەڕبەخۆ، تەنیا و ئازاد هەنگاو دەنێ، بەڵام دەبینین سەرەڕای فرسەت و ژیان لە دونیای ئازاد و دیموکراسیی ئەورووپادا، بیرمەندێکی وەک سیمۆن دی بوار، ئەوکات زۆر لە ڕاستییەکانی ژیانی خۆی حەشارداوە.

ئینسان بە شێوەی سروشتی بەدوای پەیوەندیدا دەگەڕێ و بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و هەموو ژیانی وەدوای نیوەکەی تری خۆی دەکەوێ. هەموو نووسەرێکی ژنیش جیا لە پەیوەندیی هەستەوەرانە، بەدوای پەیوەندییەکی هزرییەوەیە. نیوەکەی تری ئەحلام لە ڕەگەزی پیاوێکی شاعیری وەک «هێمن» و لەباری فکرییەوە مۆدێلی سارتر و سیمۆن بووە کە ئەو کات وەک نموونەی جووتێکی ئازاد دەبینداران. ئەحلام سەرەڕای ژیان لە کۆمەڵگایەکی نەریتیدا، نەترسانە و یاخی دەژی. لە ڕاستیدا بۆ ژنێکی وەک ئەحلام تەنیایی مانای تایبەتی خۆی هەبووە، دروست وەک ئامەرەش کە تەنیا و بێکەس بەڵام باوەڕبەخۆ، لەگەڵ ئیدەئالەکانی خۆی دەژی و لە چوارچێوەی هزری فێمێنیستیی خۆیدا هۆمانیستێکە. ئامە ژینگە و ئاژەڵ دەپارێزێ، پەناگا بۆ منداڵی دەرەوەی نۆرمەکانی شەرع و کۆمەڵگا پەیدا دەکا، لەیلا دەباتە سینەما و سینگی ئامە دەبێتە نیشتمانێکی گەرم و پڕ لە میهر بۆ حەسانەوەی منداڵێک کە لەلای دایکی خۆی هەست بەو ئارامییە ناکا. ئامەرەش ژنە کوردێک لە شارۆچکەی «خانەقین»ی پەنجا ساڵ لەمەوبەرە، نەتەنیا دایانی ئەحلام بووە بەڵکوو توخمی بیر و هزری ئینساندۆستی و پاراستنی مافی ژنان و سروشت و ئاژەڵان، لە گێڵگەی مێشکی ئەحلامدا دەچێنێ.

ئەحلام بۆ ئەوە دەبێ دونیای ئاکادێمی لەسەری بنووسێ. بەداخەوە ئەم کارە زۆر نەکراوە. تەنیا نووسینێکی سەرنجڕاکێش بە خوێندنەوەیەکی جیاواز لەسەر ئەحلام نووسرابێ، نووسینێکی ئەیووب کەریمییە(٢٠١٨) سەبارەت بە ڕۆمانی ئەڵوەن کە لە ژمارە چواری گۆڤاری کەلێندا بڵاو بووەتەوە. کەریمی ڕۆمانەکە وەک شاکارێکی ئەدەبی دەبینێ کە هەوڵی داوە ببێتە دەنگی پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگایەکی پێش‌مۆدێرن. کەریمی دەنووسێ:

«ڕۆمانی ئەڵوەن نیشاندەری ناکۆکییە قووڵەکانی کۆمەڵگایەکی لە حاڵی گواستنەوەدایە؛ چ نووسەر ئەو مەبەستەی هەبووبێ یان نا. دیارە ئەحلام بە حوکمی کوردبوون و ژنبوون و هەژاری و چەندین کێشەی دیکە کە خۆی ئەزموونی کردوون، بە شێوەی ئاگامەندانە ئەو ڕۆمانەی نووسیوە بەڵام ڕەنگە تەنانەت خۆشی ئاگای لە هەموو وردەکارییەکانی ئەو بابەتانە نەبووبێ کە ورووژاندوویەتی. [...] بەڵام پێویستە کەسانی شارەزا، بەتایبەتی ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان، ئاوڕێکی جیددی لە نووسینەکانی بدەنەوە و بە شێوازێکی تیۆریک بڕواننە ناوەڕۆکی نووسینەکانی ئەم نووسەرە مەزنە کە بە نیسبەتی کات و شوێنی خۆی شاکارێکی پێشکەوتنخوازانەی وەک ئەڵوەنی خوڵقاندووە.»[٣٥]

ئەحلام مەنسوور هاوکات لەگەڵ نووسینەکانی لە پراکتیکی ڕۆژانەی ژیانیدا بیرمەندانە و دژە نۆرم ژیاوە. مەیلی سەرەکیی ئەم نووسینەش ئەوەیە کە بڵێ شێوەی ژیان کردارێکی هزرمەندانەیە. واتە کاتێک شێوازی ژیان دەبێتە نمایش و پێرفۆرمانسی هزرێک، ژیان وەک شوێنێک بۆ پراکتیک کردنی هەست و بیرەکان، ژیان وەک کەرەسەی نمایشێکی بیرمەندانە، نووسین و ئەکتی کۆمەڵایەتی وەک پراکتیک کردنی بیرەکانی تاک.

هاننا ئارێنت پێی وایە کە پراکسیس، باڵاترین و گرینگترین ڕادەی ژیانی سیاسییە. ئارێنت پێی وایە کە زۆر بیرمەند و فەیلەسووف دەبێ زیاتر لە ژیانی سیاسیی ڕۆژانەدا بەشدار بن و چالاکیی ڕۆژانە، وەک «بەکردارکردنی ئازادیی ئینسان» دەبینێ. بە ڕای ئەو، ئێمە دەتوانین ئیدەکان شی بکەینەوە و هەڵیانسەنگێنین، بەڵام ئەوە کە چەندە بە کردەوە ئەنجامیان دەدین ئێمە دەکاتە تاقانە و ئیستیسنا.[٣٦]

ئەحلام مەنسوور بە «هەڵوێست گرتن وەک ئەکتێکی ئاگامەند» لە بەرانبەر نۆرمەکانی پیاوسالاری و کۆمەڵایەتی و یاخیبوونی خۆی لە نۆرمەکانی کۆمەڵگا، ئەکتەری بیرمەندی ژیانی خۆی بوو. ئەحلام دەتوانێ ببێتە نموونە و ئۆڵگوو

بۆ زۆر ژنی کورد کە لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن. ئەحلام پێچەوانەی بیر و هزری خۆی نەژیا. ئەو هەروەک ناوی خۆی پـــڕ بوو لە خەونی گەورە. ئەحلام بیرمەندێکی ڕاستگۆ لەگەڵ ڕۆحی خۆی بوو و وەک زۆریەک لە بیرمەندانی پێشکەوتووی دونیـــا کە کۆتاییی ژیانیان بە خەم و شـــێواوی و خۆکـــوژی تەواو بـــووە و باجی بیرمەند بوونی خۆیانیان داوە، ئەحلامیش باجی خۆی دا، وەک ئامـــە، بەڵام ئەمجۆرە ژیا کە بـــاوەڕی پێی بوو. ئەحلام تەنیا بیر و نووســـینی بۆ گرینگ نەبوو بەڵکوو بە پراکسیســـی ڕۆژانە گەیشتە باڵاترین ڕادەی بیـــر. ئەو وەک ئامە بـــوو بە بیرمەندێک کە ئەکت/دەنگی دیار بێ. کردار و هەڵوێســـتی ڕووناکبیران و بیرمەندان دەبێتە هۆی کردنەوەی پەنجەرەکان بەرەو ڕووی دونیایەکی فراوانتر دژ بە زەبری دەســـەڵاتەکان، پـــۆزی نوخبەی بێ کردار و نۆرمە وەپاشکەوتووەکانی کۆمەڵگا. مافی هەڵبژاردنی شـــێوەی ژیان ڕێگایەکی گەیشتنە بە ئازادیی ڕاستەقینە. ئەحلام و ئامە، سەرەڕای تەنیایی و سەختییەکان، ویستی داد و ئازادییان هەبوو. ئەوان وەک هۆمانیســـت و فێمینیستێک بە هەڵوێســـتی ڕادیکاڵی خۆیان شێوەیەکی تری بیرکردنەوە و ژیانیان نیشان دا.

## ژێدەر و سەرچاوەکان


1. https://sv.wikipedia.org/wiki/Rosa_Luxemburg
2. https://sv.wikipedia.org/wiki/Virginia_Woolf
3. https://sv.wikipedia.org/wiki/Karin_Boye
4. Kallocain 1940.
5. Kris 1934,
6. https://sv.wikipedia.org/wiki/Hannah_Arendt
7. https://sv.wikipedia.org/wiki/Simone_de_Beauvoir
8. Existentialist
9. The Secend Sex, 1949.
10. Teresa de Laureti, https://en.wikipedia.org/wiki/Teresa_de_Lauretis

١١. کوییـــر تیۆری، کۆمەڵە ڕوانگە و ڕەخنەگەلێک لەخۆ دەگرێ لە بواری پرسی سێکســـوالیتە و، ڕەخنە لە هێترۆنۆرماتیڤەکان دەگرێ کە چۆن سێکس/جنس پێشتر کاریگەریی لەسەر جێندێر واتە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێ، و ڕوانگە بە سێکسوالیتە وەک دەرەنجامی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و جوغرافی دەزانێ و زیاتر باس لە پەڕاوێزخراوەکانی وەک دووڕەگەزخوازان یا ترانسەکان دەکا.

12. Judith Butler, https://sv.wikipedia.org/wiki/Judith_Butler
13. https://en.wikipedia.org/wiki/Gayatri_Chakravorty_Spivak
14. Can the Subaltern Speak? 1980.
15. Https://en.wikipedia.org/wiki/Julia_Kristeva

١٦. چەمکێکی ئاڵۆزە کە کریســـتێڤا بۆ کاتی دروست بوونی سوبژە بەکاری دێنێ. ئابجێکشن مەودایەکە لە نێوان خود و ئەویتر، ساتێکە ســـوبژە هەم هەیە و هەم نییە و دێ دروست بێ، فازێکی تاریکە کە دەتوانێ ئەویتر بکوژێ.

17.https://sv.wikipedia.org/wiki/Spektrum_(tidskrift_och_bokf%C3%B6rlag)
18. Carole Seymour-Jones. En Farlig Förbindelse, 2009.
19. Intellectual
20. https://en.wikipedia.org/wiki/Intellectual

٢١. www.Nuche.net ژنـــە یاخییەکـــەی ئەڵـــوەن «ئەحلام مەنسوور «... - نوچە نێت

٢٢. ئەییووب کەریمی. ئەحلام مەنسوور، دەنگی پەڕاوێز خراوەکان. گۆڤاری کەلێن، زستانی ٢٠١٨ ،ژمارە ٤، لل ١٧-٢٢.

لە شـــاری ســـلێمانی یادی هەر ســـێ ژنە ڕووناکبیر و تێکۆشەر ٢٣.ساکینە جانسز، وەهبییە شـــەوکەت و ئەحلام مەنسوور کرایەوە - YouTube

24. www.hemin.dk/files/pdf/AM_AR_giftugo.pdf
25. www.vejin.net ئەحلام مەنسوور | ڤەژینبوکس
26. www.hemin.dk/files/pdf/AM_AR_giftugo.pdf p. 40.
27. www.hemin.dk/files/pdf/AM_AR_giftugo.pdf p. 38.
28. www.hemin.dk/files/pdf/AM_AR_giftugo.pdf p. 41.
29. Beauvoir, Simone, Det andra könet (Stockholm, 2002), s. 56.
30. Det andra Könet, 2002.
31. https://sv.wikipedia.org/wiki/Toril_Moi
32. Moi, Toril, Simone de Beauvoir: Hur man skapar en kvinnlig intellektuell. Stockholm, 1996, s. 28-29.
33. https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D9%84%DB%95%DB%8C%D9%84%D8%A7_%D9%82%D8%A7%D8%B3%D9%85
34. https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D8%A7%D8%B1%DA%AF%D8%B1%DB%8E%D8%AA_%D8%AC%DB%86%D8%B1%D8%AC

٣٥. ئەییووب کەریمی. ئەحلام مەنسوور، دەنگی پەڕاوێز خراوەکان. گۆڤاری کەلێن، زستانی ٢٠١٨ ،ژمارە ٤، لل ١٧-٢٢.

36. Arendt, Hannah. Människans vilkor, översättning av Joachim Retzlaff. (Göteborg, Daidalos, 1998, 2013.) s.33-40.